مركز بابل للدراسات الحضارية والتاريخية

# دور توسيع الجملة في إزالة الغموض المعنى

**م.م.رشاد بكر حامد**

وزارة التربية / اقليم كردستان العراق

البريد الإلكتروني Email: rashadhamid58@gmail.com

**الكلمات المفتاحية**: الجملة، إزالة الغموض ، معاني.

**كيفية اقتباس البحث**

حامد ، رشاد بكر ، دور توسيع الجملة في إزالة الغموض المعنى، مجلة مركز بابل للدراسات الانسانية، نيسان ٢٠٢٥،المجلد:١٥ ،العدد:٣ .

**هذا البحث من نوع الوصول المفتوح مرخص بموجب رخصة المشاع الإبداعي لحقوق التأليف والنشر ( Creative Commons Attribution ) تتيح فقط للآخرين تحميل البحث ومشاركته مع الآخرين بشرط نَسب العمل الأصلي للمؤلف، ودون القيام بأي تعديل أو استخدامه لأغراض تجارية.**

**Registered مسجلة في**
**ROAD**

**Indexed مفهرسة في**
**IASJ**

# The role of sentence expansion in removing meaning ambiguity

**Assist. Lecturer. Rashad Bakr Hamid**
Ministry of Education / Kurdistan Region of Iraq

**Keywords** : Sentence, Demystification, Meanings

**How To Cite This Article**
Hamid, Rashad Bakr, The role of sentence expansion in removing meaning ambiguity,Journal Of Babylon Center For Humanities Studies, April 2025,Volume:15,Issue 3.

**This is an open access article under the CC BY-NC-ND license (http://creativecommons.org/licenses/by-nc-nd/4.0/**

This work is licensed under a Creative Commons Attribution-NonCommercial-NoDerivatives 4.0 International License.

**Abstract:**
Semantic ambiguity is one of the most problematic issues in semantics, and in this research, I will try to shed light on this problem and then I will try to clarify it more broadly by expanding the tools of the sentence as an attempt to remove the ambiguity of words and sentences. The research according to the descriptive approach discusses the expansion of sentence components to remove the ambiguity of the meaning of the word and sentence, and we also study the importance of pragmatics. The research, in addition to the introduction and results, consists of two axes: The first axis deals in general with ambiguity and its causes, and covers the following topics: ambiguity, causes of ambiguity, types of ambiguity, and the intended use of ambiguity. The second axis deals with the technique of expanding the vocabulary of sentence components to remove ambiguity according to the following titles: sentence expansion, sentence and its components, expansion of sentence components, function of expansion in the sentence, models of expanded sentences. In conclusion, the research was summarized in Arabic and English, and finally we concluded that the secondary

components of the sentence play an important role in transforming the ambiguous sentence into a clear sentence in spoken and written language.

**الملخص :**

يعد الغموض الدلالي من أكثر القضايا الإشكالية في علم الدلالة، وسأحاول في هذه البحث تسليط الضوء على هذه المشكلة ثم سأحاول توضيحها بشكل اوسع من خلال توسيع أدوات الجملة كمحاولة لإزالة غموض الكلمات والجمل. البحث وفق المنهج الوصفي تناقش الدراسة توسع مكونات الجملة لازالة غموض المعنى الكلمة و الجملة كما ندرس أهمية علم التداول . البحث عدا المقدمة و النتائج يتكون من محورين: المحور الاول يتناول بشكل عام عن الغموض و اسبابه، يتناول المواضيع التالية : الغموض، اسباب الغموض، انواع الغموض، الاستخدام المقصود لألغموض، اما المحور الثاني يتناول تقنية توسيع مفردات مكونات الجملة لازالة الغموض وفق العناوين التالية : توسيع الجملة، الجملة و مكوناتها، توسيع مكونات الجملة ، وظيفة توسيع في الجملة، نماذج الجملة الموسعة، في الختام تم تلخيص البحث باللغتين العربية والإنجليزية، وأخيرا توصلنا إلى أن مكونات الثانوية للجملة تلعب دوراً مهماً في تحويل الجملة الغامضة الى جملة واضحة في اللغة المنطوقة والمكتوبة .

**فراوانكردنی ڕسته و ڕۆڵی له لادانی لێڵواتایی**

**یاریدەدەری مامۆستا. ڕەشاد بەکر حامد**

**وەزارەتی پەروەردە / هەرێمی کوردستانی عێراق**

**پوخته**

"فراوانکردنی ڕسته و ڕۆڵی له ڕوونکردنەوەی لێڵواتایی" ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە، کە ئامانج لێی فراوانکردنی سنووری ڕستەکەیە بۆ نەهێشتنی ئەو لێڵواتاییەی، کە لە چوارچێوەی ڕستەکەدا دروست بووە و گوێگر یان خوێنەری بەڕوونی هەستی پێدەکات، بۆ نەهێشتنی لێڵواتایی هەموو ئەو دەربڕین و ڕستانەی زمان پێویستمان بە فراوانکردنی سنووری ڕستەکە دەبێت، کە لە ڕێگای کەرستە لاوەکی و نابنجییەکانی زمان فراوان دەکرین، لەم لێکۆڵینەوەدا هۆکار و جۆرەکانی لێڵواتایی و گرفت و چارسەرەکانیمان خستۆتەڕوو، کە لە چوارچیوەی سنووری پراگماتیکی فراوانکردنەکە جێبەجێ دەکرێت.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی گرنگ دەربارەی لێڵواتایی ڕستەکانی زمان بە پشت بەستن بە شیکردنەوەی پراگماتیکی.

وشەی سەرەکی: ڕستە، داماڵینی نەێنی، ماناکان

**٠- پیشەکی:**

**٠-١. ناو و نیشانی توێژینەوەکە:**

بریتییە لە: فراوانکردنی ڕستە و ڕۆڵی لە لادانی لێڵواتایی

**٠-٢. سنووری توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە باس لە فراوانکردنی ڕستە و گرنگی فراوانکردنی ڕستە لە سیمانتیک و پراگماتیکدا دەکات.

**٠-٣. ئامانجی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە بە مەبەستی گەیشتن بە وەڵامی ئەم پرسیارانەی خوارەوە ئەنجامدراوە:

- لێڵواتایی بە مەبەستە یان بێ مەبەستە ؟
- ئابووریکردن و بەفیڕۆنەدانی وزە کاریگەری چییە لەسەر لێڵواتایی ؟
- لە چ کاتێکدا پێویست دەکات سنووری ڕستەکە فراوان بکرێت؟ ئایا فراوانکردن لە زمانی ئاخاوتن پێویستترە یان زمانی نووسین ؟
- ئایا کەرستە لاوەکی و نابنجییەکانی زمان دەتوانن ئەرکی گۆڕینی ڕستەیەکی لێڵواتا بۆ ڕستەیەکی ڕوون واتا ببینن ؟
- ئایا فراوانکردنی ڕستە ئەرکە ؟

**٠-٤. ڕێبازی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە لە ژێر ڕۆشنایی ڕێبازی وەسفی شیکاری ئەنجامدراوە.

**٠-٥. ناوەڕۆکی توێژینەوەکە:**

توێژینەوەکە جگە لە پێشەکی و ئەنجام لە دوو بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم بە شێوەیەکی گشتی باسی دۆخی لێڵواتایی دەکات و ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت: لێڵواتایی، لێڵواتایی و هۆکارەکانی، جۆرەکانی لێڵواتایی و بەکارەێنانی لێڵواتایی بەمەبەست، بەشی دووەمیش تایبەتکراوە بە فراوانکردنی ڕستە وەك چارەسەرێك بۆ گرفتی لێڵواتایی و ئەم سەردێرانە لەخۆدەگرێت: فراوانکردنی ڕستە، ڕستە و پێکهاتەکانی، فراوانکردنی پێکهاتەی ڕستە، ئەرکی فراوانکردن لە ڕستەدا و نموونەی ڕستەی فراوانکراو بەهۆکاری لێڵواتایی، لە کۆتاییشدا پوختەی توێژینەوەکە بە زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراوەتەڕوو.

**بەشی یەکەم**

**١ – ١. لێڵواتایی:**

كە لە زمـانی کوردیـدا زاراوەی (تـەمومژی واتایی)یشـی بـۆ بەکارهـاتووە، مەبەسـت لـێی ئەوەیە، کە وشەیەك، دەستەواژەیەك، ڕستەیەك یاخود دەبڕینێکی زمانییە و زیاتر لە واتایەك یاخود لێکدانەوەیەك لەخۆدەگرێت، واتە (بە شێوەیەکی گشتی دیاردەی لێلواتایی ئەو کاتە سـەرهەڵدەدات، کـە تاکە وشـەیەك لـە ڕسـتەدا ژمارەیـەك واتـای دیـاریکراوی ڕوون و ئاشکرا بەدەست بەێنێت) (Trask: 1993: 13)، ئەم لێلواتاییە زۆرجار ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە دوڵەمەندی فەرهەنگی وشەسازی زمانەکە و بوونی ژمارەیەکی زۆری زار و شێوەزارەوە هەیە، کە هەریەك لە وشە و دەستەواژە و ڕستەکانی زمانەکە دەتوانن بەپێی دەوروبەر و بەکارەێنان یان هۆکارە کولتورییەکان چەندین واتای جیاواز جیاواز لەخۆ بگرن، کە دەشێت تێگەیشتن لە مەبەست و واتای دەربڕینەکە ئاسانتر ببێت لەلای ئاخێوەری ڕەسەنی زمانەکە، بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی، کە زمانی دایکیان نیە یاخود لەو کەلتوورە گەورە نەبوونە، دەبێتە هۆی دروست بوونی لێلواتایی، بە واتایەکی تر مەرجی ئاخاوتنەکەی ئەوەیە، کە دەبێت بە زمانی دایك بێت یاخود بە زمانێکی هاوبەشی زانراوی نێوان ئاخێوەر و گوێگر بێت.

لێلواتایی لە بەشێك لە ئاستەکانی زماندا بەدیدەکرێت، بەتایبەتی ئاستەکانی وشەسازی و ڕستەسازی، (لێلی لە ئاستی وشەسازیدا ئەوەیە، وشەیێك یان مۆرفیمێك بەتەنها ببیسترێ یان بخوێندرێتەوە گوێگر یان خوێنەر بە زیاتر لە مانایێك تێی بگات) (عمرامین، ١٩٩٥: ٦٦)، بەشێوەیەکی گشتی لە هەموو زمانێکدا درکاندن یان نووسینی هەندێك وشە بەتەنها گوێگر یان خوێنەر توشی گرفتی تێگەیشتن دەکات، بەهۆی بەکارەێنانی وشە فرەواتاکان بە شێوەیەکی فراوان لە ژینگەی جیاوازەکاندا، کە لە هەر دەوروبەرێکی بەکارەێناندا واتایەکی جیاواز و نوێ دەبەخێشت، واتە وشە فەرهەنگییەکانی زمان لە ناو ڕستەدا واتای نوێیان پێ دەدرێت، کەواتە لێلواتایی (پەیوەندی بە بەکارەێنانی وشەوە هەیە تا وشەیەك زیاتر بەکاربێت ئەگەری ئەوەی زیاترە ببێتە وشەی فرەواتا و هاوبێژ) (دزەیی، ٢٠١٤: ١٢٧).

بەشێك لە زمانەوانەکان وشە وەکو یەکەیەکی سەرەکی واتا دادەنێن و (واتا فەرهەنگییەکانی ناو ڕستەکە بەشێك لە واتای ڕستەکە پێکدەهێنن و بەشە واتاکەی تری لە شێوازی ڕیزکردنەکەیدا بەدەستی دەهێنێت) (عبدة، ١٩٨٤: ١١)، لێکدانەوەی لێلواتای لە سنووری ڕستەدا، بەیەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕستە دادەنرێت هەروەکو پێشتر (کاتز و فۆدەر) لە تیۆرەکەی خۆیاندا، کاتێك باسی ئەرکە سەرەکییەکانی ڕستە

دەكەن ئاماژە بە ئەركی وشە دەكەن، كە چۆن ڕۆڵی سەرەكی دەبینێت لە نەهێشتنی لێڵواتایی لە سنووری ڕستەدا، لەگەڵ ئەوەی، كە وشە وەكو یەكەیەكی گرنگی واتا بینراوە، بەڵام گەڵێک جار تووشی گرفتمان دەكاتەوە، بۆ نموونە ناجێگیری واتای هەندێک لە وشە فەرهەنگییەكان لە سنووری ڕستەدا، كەواتە (مەبەست لە لێڵواتایی ڕستە، ئەو ڕستانەیە، كە لێڵن و هەڵگری چەند واتایەكن) (دزەیی، ٢٠١٤: ١٥٥)، بەواتایەكی تر (تەمومژی سینتاكسی ئەوەیە، كە ڕستەیەك بەپێی سیستەمی بەرهەمهێنان كەرستەكانی ڕیز كرابێت لە ئاستی شیكردنەوەی ڕێزماندا و زیاتر لە ڕۆنانێكی ژێرەوەی هەبێت) (حسین حمە، ٢٠١١: ٦٦) كەواتە چۆنیەتی ڕێزكردنی كەرستەكانی ڕستە بەپێی ڕێساكان هاوكارێكی باشی ئێمەن بۆ جیاكردنەوەی ڕستە لێڵەكانی زمان لە ڕستە ڕوون واتاكان یاخود تێگەیشتنمان لە مەبەستی ئاخێوەر بە شێوازیكی ڕاستەوخۆ.

خودی لێڵواتاییەكان لە كردەی ئاخاوتندا زۆر كەمە، چونكە لەكاتی ئاخاوتن دەوروبەر و كات و شوێن و باری ڕۆشنبیری كەسە دیارە و گوێگر كەمتر تووشی دەربڕینێكی لێڵواتا دەبێت، (ئەوەی لە دیاردەی تەمومژیدا بەدی دەكرێت ئەوەیە، كە هەندێك لە كەرستە تەمومژەكانی زمان زیاتر لە نووسیندا تەمومژاوین، بەڵام لە وتندا یان لە دەوروبەر(سیاق)ی بەكارهێناندا تەمومژییەكەیان دەڕەوێتەوە.) (محەمەد، ٢٠٠٦: ٨١).

لێڵواتایی یاخود تەمومژی واتایی لەلایەن زمانەوانەكانەوە كۆمەڵێك پێناسەی جیاوازی بۆكراوە، كە هەریەكەیان بەشێوازێك گوزارشتی لێكردووە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

١. لێڵواتایی: بریتییە لە ناڕوونییەك كاتێك دەربڕینێك زیاتر لە واتایەكی هەبێ، كە ئەوانەش بریتین لە لێڵواتایی فەرهەنگی و پێكهاتەیی، كە كاریگەری هەیە لەسەر واتای وشە و دەربڕینە ڕستەییەكان. (Hudson, 2000: 313–314).

٢. لێلیواتایی: دەربڕینێكە زیاتر لە واتایەك دەبەخشیت و لە ڕستەی تەمومژاوی پێویستمان بە ئاستی ژێرەوەی ڕستە دەبێت. (دزەیی، ٢٠١٤: ١٦٦).

٣. لێڵواتایی: لە زماندا ئەوەیە، كە پێكهاتەیەكی زمانی زیاتر لە واتایەك بدات. (خلیل، ١٩٨٨: ٣٠).

٤. لێڵواتایی: بنیاتنانەوەیەكە، كە دان بە زیاتر لە لێكدانەوەیكدا دەدەنێت. (Hartman & Stork, 1976:11)

لەم چەند پێناسەی سەرەوە و هەموو ئەو پێناسانەی تر، كە بۆ لێڵواتایی كراون، جەخت لەسەر ناڕوونی دەستەواژە دەربڕاوەكە دەكەنەوە، كەواتە بە پشتبەستن بەم پێناسانە

دەتوانین بڵێین: لێڵواتایی بریتییە لە دەربڕینی هەموو ئەو دەستەواژانەی، کە واتاکانیان ڕوون و ئاشکرا نین و واتای تر هەڵدگرن بەهۆی لێڵی وشە بەکارەێنراوەکان و پێکهاتەی ڕستەکە، لێڵی واتایی دەشێت بەهۆی دیاردە زمانییەکانەوە بێتە ئاراوە، بۆ نموونە لێڵی واتایی لە سنووری وشەدا زیاتر بەهۆی دیاردەکانی هاوواتایی و هاوبێژییەوە دێنە ئاراوە، بەڵام لێڵواتایی لە سنووری ڕستەدا ڕۆنانی کەرستەکانی ڕستە دروستی دەکات، ئەو ڕستانەی لێڵواتای دروست دەکەن پێویستمان بە ئاستی ژێرەوەی ڕستەکە دەبێت بۆ ئەوەی چارسەری لێڵواتاییەکەی بکەین، بەجۆرێك ئەگەر دوو ڕستە لە ئاستی سەرەوەدا خاوەن هەمان ڕۆنان بوون و لە ئاستی ژێرەوشدا خاوەن دوو ڕۆنانی جیابن ئەوا لێڵواتایی دروست دەبێت، هەروەها (ئەو ڕستەیە بە لێڵ دادەنرێت ئەگەر بێت و لە دۆخی بەرامبەری دابێت لەگەڵ هەردوو ڕستە بەتەنها بێ ئەوەی ئەم دوو ڕستەیە لە دۆخی بەرامبەریدابن) (دزەیی، ٢٠١٥: ١٣٣) ، زۆرجار بۆ چارسەرکردنی ئەم لێڵواتاییە پێویستمان بە زانیاری زیاترە، واتە پێویست دەکات، کە سنووری ڕستەکە فراوان بکەین، ئەویش بە زیادکردنی کەرستە لاوەکییەکان بۆ ڕستەکە، بە واتایەکی تر لە ڕستەدا لە پاڵ دەرکەوتنی (بکەر، بەرکار و کار) یاخود (نیهاد و گوزارە)، هەریەک لە تەواوکەر و سەربارەکان ڕۆڵی گرنگ و کارا دەبینین لە ڕوونکرنەوەی واتا و مەبەستی سەرکی دەربڕینەکە، کەواتە دەتوانین بڵێین کەرستە لاوەکی و نابنجییەکانی ڕستە ڕۆڵ و گرنگییەکی گەورە دەگێڕن لە ڕوونکردنەوە و لادانی ڕستەی لێڵواتایی و گۆڕینی بۆ ڕستەی ڕوون واتایی.

### ١ – ٢. لێڵواتایی و هۆکارەکانی:

کۆمەڵێك هۆکار هەن بە شێوەی تاك بێت یان بەکۆمەڵ بەشداری دەکەن لە دروست بوونی لێڵواتایی هەریەك لە دەربڕینە زمانییەکان، لێڵواتایی زیاتر بەهۆی فراوانی بەکارەێنانی وشەکانی زمانەوە ڕوودەدات، واتە ( تا وشەیەك زیاتر بەکار بێت ئەگەری ئەوەی هەیە زیاتر ببێتە وشەی فرەواتا و هاوبێژی) (دزەیی، ٢٠١٤: ١٢٧)، بەشێك لەو هۆکارانەش بریتین لە:

#### ١–٢–١. فرەواتایی (Polysemy) :

فرەواتای لە زماندا هۆکارێکی ڕاستەوخۆی پەیدابوونی لێڵواتاییە، کە (وشەیەکە زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرێت و واتاکانیان لە بنجەوە نزیکن و لە فەرهەنگدا بە یەك وشە تۆمار دەکرێت) (جرمان و لوبلون، ١٩٩٧: ٤٤)، واتە (هەر وشەیەك زیاتر لە واتایەکی هەبێت

پێی دەگوترێت فرەواتا)(CRYSTAL, 1991:307) ، کەواتە (ناڕوونی وشەیی ناڕوونییە لە مۆرفیم یان وشەیەکدا)(Salah, 2017:609) .

**١-٢-٢. هاوبێژی (Homonymy) :**

هاوبێژی جۆرێکی ترە، کە بەشدارە لە دروست بوونی لێڵواتایی، (ئەم وشانە دەگرێتەوە، کە واتاکانیان لەیەك دوورن و لە وشە فرەواتاکان دروست بوونە.) ( مەحوی، ٢٠٠٩: ١٠٨)، (لە بنچینەدا واتاکانیان بۆ دوو وشەی جیاواز دەگەڕێتەوە) (فەتاح & قادر، ٢٠٠٦: ٦٨)، هەروەها هۆکارێکی گرنگتری هەیە، کە بریتییە لە گەشە و گۆڕان و سوانی زمان، بۆ نموونە (ددان)، دەبێتە دان، کە زیاتر لە واتایەکی بۆ دروست دەبێت، بە هەمان شێوە وشەی (حەوت) دوای ئەوەی دەسوێ و دەردەبڕدرێ دەبێتە (حەو)، کە دەبێتە هەڵگری زیاتر لە واتایەك، بەم شێوەیە ئەو هۆکارانە ڕاستەوخۆ دەبن بە هۆکاری لێڵواتایی وشە و دەربڕینەکان، کەواتە گەشە و گۆڕان و سوان کۆمەڵێك کردار و گۆڕانکارین بەسەر وشەکانی زماندا دێن و دەبنە هۆی دروستبوونی لێڵواتایی و گوێگر تووشی گرفتی تێگەیشتن دەکاتەوە و ئەرکێکی بۆ زیاد دەکات، کە وایلێدەکات بە دوای واتای ڕوون و مەبەستی ئاخێوەردا بگەڕێت.

**١-٢-٣. لێڵواتایی ڕستە:**

بەشێك لە ڕستەکانی هەر زمانێك لە ڕووی واتاوە لێڵن و تەمومژیان تێدایە، کە ئەمەش دیاردەیەکی سروشتی زمانە و دەشێت لە هەموو زمانەکاندا بە ڕێژەیەکی جیاوازتر جیاواز بوونی هەبێت، بۆ نموونە:

(١) – ئەو پیاوەم بینی، کە کامێرایەکی بەدەستەوەبوو.

واتە: أ- ئەو پیاوەم بینی، کە کامێرای بەکارەێناوە.

ب- ئەو پیاوەم بینی، کە کامێرای هەبووە.

ج- ئەو پیاوەم بینی، کە کامێرای دزیوە.

**١-٢-٤. هێماکانی خاڵبەندی:**

لێڵواتاییمان دەکاتەوە، بۆ نموونە:

(٢) أ- کەرمنتین کردن، پێویست نییە ئازادیان بکەن.

ب- کەرمنتین کردن پێویست نییە، ئازادیان بکەن.

بەتێبینیکردنی نموونەکانی ( أ + ب ) بۆمان ڕووندەبێتەوە، کە ڕستەی (أ) واتاکەی بریتییە لە:

-دەبێت خەڵکەکە کەرمتین بکرێن و ناکرێت ئازاد بکرێت لە چوونەدەرەوە.

بەڵام لە ڕستەی ( ب )دا، واتاکەی بریتییە لە:

– کەرمتینکردن بە پێویست نازانرێت، خەڵکەکە ئازادن لە چوونەدەرەوە.

واتای ئەم دوو ڕستە پێچەوانەی یەکترن، ئەمەش تەنیا بەشوێن گۆڕینی یەك فاریزە، واتە بە ڕەچاوەنەکردنی نیشانە و هێماکانی خاڵبەندی دەشێت گرفت بۆ گوێگر بەتایبەت خوێنەر دروست بکرێت، لە چوارچیوەی دێر و دەربڕینەکانی کتێبە کوردییەکانی خۆمان ئەم لێلواتاییە زۆر بە زەقی تێبینی دەکرێت، چونکە بەشێك لە نووسەران و تەنانەت کتێبە وەرگێردراوەکانی پەیڕەوی هێماکانی خاڵبەندی ناکەن جا بە هەر هۆیەك بێت، ئەمەش ڕاستەوخۆ دەبێت هۆی دروستبوونی لێلواتایی دەربڕینەکان.

**١-٢-٥. ڕیزبەندی وشەکان:**

ڕیزبەندی وشەکان لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا، ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە گۆڕینی واتای ڕستەکە، چونکە (وشە لە گشت زمانێکدا، سەرچاوەی دروست بوونی لێلواتاییە.) (عەلاف، ٢٠٠٩: ١٤٥)، کە ئەمەش دەبێتە هۆی ناڕوونی ڕستەکە و هەڵگری واتای جیاواز، بۆ نموونە:

(٣) أ- پیاوەکە ژنەکەی بە تەلسکۆپ بینیوە.

ب- بە تەلسکۆپەکە، پیاوەکە ژنەکەی بینیوە.

لە ڕستەی ( أ )دا، پیاوەکە ژنەکەی وەکو تەلسکۆپێك بینووە، بەڵام لە ڕستەدا (ب)دا، پیاوەکە بە ئامێری تەلسکۆپ ژنەکەی بینیوە، کەواتە گۆڕینی شوێن کەرستەکان و ڕیزبەندی کەرستەکان هۆکاری دروست بوونی لێلواتایی دەربڕینە زمانییەکانن.

**١-٢-٦. ناڕوونی ڕێزمانی(Grammatical Ambiguity):**

هەندێك ڕستە هەیە دەتوانرێت بە زیاتر لە شێوازێکی ڕێزمانی لێکبدرێتەوە، کە لە هەموو زمانێکدا ئەم دیاردە بوونی هەیە و زمانی کوردیش یەکێکە لەو زمانانەی ئەم دیاردەی تێدا بەدیدەکرێت، بۆ نموونە:

(٤) – کچەکەم بە دووربینەکەوە بینی.

دوو لێکدانەوەی جیا لەخۆدەگرێت: أ- من کچەکەم بە دووربین تەماشاکرد.





Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2025 Volume :15 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

ب- کچەکە دووربین بەکاردێنێت.

**١-٢-٧. ناڕوونی واتای ڕستە:**

مەبەست لە ناڕوونی ڕستە بریتییە لە لێلواتایی هەندێك دەربڕین و ڕستە، بۆ نموونە:

(٥) -ئەوانە گورگی ڕاوکردنن.

أ-ئەو گورگانە بۆ ڕاوکردن بەکاردەهێنرێن.

ب-ئەو گورگانە ڕاوکراون.

کە لەڕووی لۆجیکەوە، ڕستەی خاڵی (أ) بە بەراورد بە ڕستەی خالی (ب) پەسەند ناکرێت، چونکە گورگ ئاژەڵێکی دڕندەیە و ماڵی ناکرێت تاکو بۆ پیشەی ڕاوکردن بەکاربەێنرێت، بەڵام ئاساییە لەڕووی لۆجیکەوە کۆمەڵێك گورگ ڕاو بکرێن و بکوژرێن، بەمەبەستی کەمکردنەوەی ژمارە و مەترسیان لە سەر مرۆڤ.

**١-٣. جۆرەکانی لێلواتایی:**

تیۆرەکانی زمان دوو جۆری سەرەکی لێواتاییان دەستنیشانکردووە، کە بریتین لە:

١-٣-١. لێلواتایی سینتاکسی:

ئەم جۆرەی لێلواتایی ناسراوە بە (لێلواتایی پێکهاتەیی، کاتێك دەردەکەوێت، کە وشەیەك ڕۆڵەکەی بەتەواوی ڕوون نییە، واتە ڕۆڵێکی لێلی هەیە) (حميدي، ٢٠٠٩: ٧٨٠)، کە مەبەست لێی ئەو (ئەو ڕستانەیە، کە زیاتر لە مانایەکیان هەیە، بۆ نموونە:

(٦) - میر ئازار لە دڵ دەڕوێنێ. ئەم دوو واتایە لەخۆدەگرێت:

أ- میر ئازار دەخاتە دڵ.

ب- میرر ئازار لە دڵ لادەبات) (دزەیی، ٢٠١٤: ١٦٦).

**١-٣-٢. لێلواتایی فەرهەنگی (Lexical Ambiguity):**

وشەکانی ناو فەرهەنگی زمانەکان هەموویان واتاکانیان ڕوو و بەرچاو نین، واتە لە فەرهەنگی هەموو زمانێکدا ژمارەیەکی زۆری وشە واتاکانیان جێگیر نین و فرە واتان و بەپێی بەکارەێنان واتای جیاوازی لێدەکەویتەوە بەجۆرێک هەندێک جار واتاکەی زۆر جیاوازە لەگەڵ واتای فەرهەنگی، لێلواتایی فەرهەنگیش (ناسراوە بە ناڕوونی سیمانتیك، کاتێك بەدەردەکەوێت، کە وشەیەك زیاتر لە واتایەکی پەسەندکراوی هەبێت). (حميدي، ٢٠٠٩: ٧٨٠)، لەم جۆرەی لێلواتایی گوێگر یان خوێنەر بە زیاتر لەواتایەك تێیدەگات، بۆ نەهێشتنی لێلییەکەی پێویست دەکات دیارخەرێك بۆ دەربڕینەکە زیاد بکرێت بەمەبەستی نەهێشتنی لێلواتاییەکە، بە واتایەکی تر (هەموو دەربڕینێکی لێلواتایی لە



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٣

زماندا، یەك سیمایان هەیە، بەڵام لە بنجێك زیاتری هەیە، یان ڕۆنانی ژێرەوەی کەرستەیەکی لێڵواتایە لە زماندا و لە یەك ڕۆنان زیاترە.) (حسین حمه، ٢٠١١: ٥)، بۆ نموونە:

(٧) – (ڕۆژ): أ- ڕۆژەکانی هەفتە

ب- خۆر

بێجگە لە لێڵواتایی وشە و ڕستە، جۆری تر زۆرن، کە پێشتر لەلایەن زمانەوانەکانەوە ئاماژەی پێکراوە و ڕوونکراوەتەوە و ناسێنراون.

**١-٤. بەکارەێنانی لێلواتایی بەمەبەست:**

لە کاتی بەرێوەچوونی کردەی قسەکردن، هەندێکجار دەستەواژەیەك بەر گوێی گوێگر دەکەوێت و تووشی سەرلێشێواوییەك دەبێت، چونکە دەستەواژەکە هەڵگری زیاتر لەواتایەکە، لێرەدا نازانێت مەبەستی کامە واتایە و لێکدانەوەی جیاجیای بۆ دەکات، ئەویش بە لێکدانەوەی نیشانە و بەڵگە و دەوروبەری کردەی ئاخاوتنەکە.

بەکارەێنانی بەشێك لەو دەستەواژە و دەربڕینانەی، کە لێڵواتایی دروست دەکەن دەشێت بەبێ مەبەست بەکاربەێنرێن، بەڵام زۆرجار ئاخێوەر بەمەبەستەوە بەکاریدەهێنێت و ئاراستەی گوێگر یان خوێنەری دەکات، بەتایبەت لە لای شاعیران ئەمە زۆر باو و فراوانە، واتە ئامانجی شاعیر لە شیعرەکانیدا ئەوەیە، کە لە وشەی ئاسایی زمانەکەی وێنەیەکی شیعری لێڵواتا بە تێکشکانی یاسا ڕێزمانییەکان دروست بکات و بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ مەبەستەکەی بگەیەنێت، لێکدانەوە و شیکردنەوەی شیعرەکە بۆ خوێنەر و گوێگر بەجێدەهێڵێت، واتە ئەرکێك بۆ خوێنەر بەجێدەهێڵێت، چونکە (شیعر فرەواتایە و شیکردنەوە و لێکدانەوەی جیا جیایی بۆ دەکرێت، لێکدانەوەکانیش بە پێی شارەزایی کەسەکان دەگۆڕێت) (دزەیی، ٢٠١٥: ١٨٢)، واتا و مەبەستی تەواوی شیعر لەلای خودی شاعیرە، ئەوەی تر بریتییە لە لێکدانەوە و شرۆڤەی جیاواز و تێگەیشتنی خوێنەر و گوێگرە بۆ شیعرەکە، کە بریتییە لە تێگەیشتنی جیاواز، لێکدانەوەی شیعر زیاتر کاری زمانەوانەکانە، بەڵام ئەم لێکدانەوەش دەشێت ڕێژەیی بێت، چونکە شیعر خۆی بریتییە لە دەربڕینێکی نائاسایی شاعیر لە بارودۆخێکی نائاسایی، هەروەکو فەیلەسوفی یۆنانی ئەرستۆ دەڵێت: (زمانی شیعر زمانێکی بەرز و شکۆمەندە و لەسەروی ئاستی زمانی ڕۆژانەیە) (ئەرستۆ، ٢٠٠٤: ٨٣).

شیعر بەرهەمێکی تاکە کەسییە، واتە خودییە، شاعیر زمانی ئاسایی دەگۆڕێت بە وێنەی شیعری ئاڵۆز لەرێگای بەکارەێنانی وشە و یاریکردن بە یاسا ڕێزمانییەکان، واتە زمانی

شیعر بریتییە لە زمانێکی داهێنراو، زۆر جار شاعیران لە شیعرەکانیاندا کۆمەڵێک وشەی مردوو و نیمچە مردووی زمانەکەی خۆیان دووبارە بەکاردەهێنێتەوە، ئەم زیندووکردنەوەی وشە بریتییە لە دروستکردنی لێلی و تەمومژی واتای بۆ خوێنەر و گوێگر، بۆ نموونە (شێخ ڕەزا) لەم دێرە شیعرەی خوارەوەدا هەریەك لە (وشەکانی (فەراز، نەشیب، قیسە) بەکاردەهێنێت، کە بە واتای (بەرزی، نزمی، چیرۆك):

(٨) بێ فەراز نابێ نەشیب ئەم قیسە تەحقیقە وطێ

من لە ڕێی عەشقی تۆ نەمدی بەخوا غەیری نەشیب) (عارف، ١٩٨١: ١٢٨)

دەوروبەر، یاخود چوارچێوەی کردە قسەییەکان، بە گشتی هۆکارێکی گرنگن بۆ ڕوونکردنەوەی لێلواتایی و بەتایبەتی شیعر، چونکە دەبێتە هۆی نەهێشتنی بەشێکی ئەو لێلواتاییەی، کە دروست بووە لە تێکستەکەدا، کەواتە (دەوروبەر تاکە ڕێگایە واتای فەرهەنگی و واتای مەبەستمان بۆ ڕووندەکاتەوە) (اولمان، ١٩٧٥: ٦٣)، چوارچێوەی ئاخێوەرەکەش بریتییە لەو بارەی، کە ئاخێوەر قسەکەی تێدا دەکات و پەیوەندی بە ژیانی کۆمەڵایەتی و ئاینی و کەلتوورییەوە هەیە، جگە لەمانەش هەریەك لە پەیوەندی نێوان ئاخێوەران و جوڵە جەستەییەکان بەتایبەتی چاو و برۆ و سەر و دەست، بۆ نموونە:

(٩) عەبەس کوردی مەلایێك دێن دەپرسن مەزهەب و دینت

کە قادر خۆی دەزانێ، لەسەر کام مەزهەب و دینم

بە تێبینیکردنی ئەم دێرە شیعرەی "کوردی" شاعیر، درك بەوە دەکرێت، کە شاعیر (لە دەوروبەر دابڕاوە وشەی "قادر" جۆرە لێلییەکی تیادا بەدی دەکرێت و نازانرێ ناوی "قادر" دەگەڕێتەوە بۆ "تەریقە" یان "شێخ عبدالقادری گەیلانی"یە یان "خوایی" یان ئەو "قاڵە"یە، کە لە شیعرەکانیدا باس کراوە.) (شوان، ١٩٩٩: ٩٤)، بەم جۆرە بۆ لێکدانەوە و شرۆڤەکردنی تێکستێکی شیعر بە هیچ شێوەیەك ناکرێت چوارچێوەی ئاخاوتنەکە پشتگوێ بخرێت، چونکە دەوروبەر ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێت لە یەکلاییکردنەوە و ڕوونکردنەوەی لێلواتایی.

**بەشی دووەم**

**٢-١. فراوانکردنی ڕستە وەك چارەسەرێك بۆ گرفتی لێلواتایی:**

ئاخێوەری زمان یان نووسەر هەندێک جار لە ئەنجامی ئابووریکردن لە زمانەکەی یاخود کرتاندنی هەندێک کەرستەی ئاخاوتن ئەرکێک بۆگوێگر یان خوێنەر زیاد دەکات، کە بریتییە لە ناڕوونی و لێلی واتا دەربڕاوەکە، بۆیە بەشێکی ڕەواندنەوەی لێلواتایی پەیوەستە بە گەڕاندنەوەی ئەو کەرستانەی، کە بەمەبەستی ئابووریکردن لە زمانەکە

کرتێنراون، گرفتی لێڵواتایی مەبەست لێی ئەو ڕستانەن، کە بە گشتی هەڵگری زیاتر لە واتایەکن، بۆ ئەوەی ئەم لێڵواتاییە بگۆڕین بۆ ڕستەیەکی ڕوون واتا، پێویستە ڕستەکان فراوان بکرێن، بە واتایەکی تر بەشێك لە ڕستەکانی زمانی دایك هەڵگری زیاتر لە واتایەکن، زیادکردنی دیارخەرێك یان زیاتر دەبێتە هۆی نەمانی ئەم لێڵواتاییەی، کە لە ڕستە و دەربڕینەکاندا دروست بوونە، هەروەها (ئەو ڕێسایانەی، کە ڕستەیان لێ پێکدێت یارمەتی دەرمانن بۆ ئەوەی ڕستەیەکی واتادار و بێ واتا لە یەك جیا بکەینەوە) (دزەیی، ٢٠١٤: ١٥٩)، ڕێزکردنی کەرستەکانی زمان لە ناو ڕستەدا، ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر واتای ڕستەکە، واتە بەکارنەهێنانی وشە لە شوێنی گونجاو و شیاوی خۆی جا بە مەبەستەوە بێت یان بێ مەبەست دەبێتە هۆی دروستبوونی لێڵواتایی.

پەیوەندی نێوان ئاخێوەران (قسەکەر و گوێگر)، بۆ نەهێشتنی لێڵواتایی بە هۆکارێکی گرنگ دادەنرێت، چونکە ئەو پەیوەندییە توندوتۆڵەی نێوانیان وا دەکات زووتر پەی بە زانیارییە هاوبەش و کلتورییەکان ببەن و کردەی تێگەیشتن خێراتر دێتەکایەوە بەبێ ئەوەی پێویست بکات دیارخەرێك زیاد بکرێت، بەڵام سوود وەرگرتن لە زانیاری هاوبەش تەنیا لەکاتی کردەی قسەکردندا سوودی دەبێت، چونکە لە زمانی نووسیندا زانیاری و پەیوەندی هاوبەشی نێوان ئاخێوەران چاڵاك نییە، واتە کاتێك خوێنەر ڕستەیەکی لێڵواتا دەخوێنێتەوە، ڕاستەوخۆ تێیناگات و پێویست دەکات بگەڕێتەوە بۆ ئەو زانیارییانەی، کە لە پێش و پاش ڕستەکەدا نووسراون، بۆ نموونە، کاتێك نووسەرێك لە یەکێك لە دێڕەکاندا بۆ خوێنەرانی دەنووسێت:

(١٠) – منیش دڵم هەیە.

ئەم ڕستەیە سەرەوەدا، زیاتر لەواتایەك لەخۆ دەگرێت، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ– منیش دڵم هەیە. (لە ڕووی بایەلۆجییەوە)

ب– منیش دڵم هەیە و هەست بە ئازاری هەمووتان دەکەم. (وەکو مرۆڤێك هەست بە ئازارەکانتان دەکەم)

پ– منیش نەخۆشی دڵم هەیە. (جۆری نەخۆشی)

ئاخێوەر کاتێك دەڵێت (منیش دڵم هەیە)، ئەگەر بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ پەیامەکەی بگەیەنێت، گوێگر زوو هەست بە واتای ڕستە دەکات و هیچ لێڵواتاییەك دروست نابێت، بەڵام ئەگەر بە شێوەی نووسراو ئەم جۆرە ڕستانەمان بکەوێتە بەرچاو، پێویست دەکات ڕاستەوخۆ بگەڕێنەوە بۆ ئەو زانیارییە نووسراوانەی، کە لە پێش و



Journal Of Babylon Center For Humanities Studies 2025 Volume :15 Issue : 3
(ISSN): 2227-2895 (Print) (E-ISSN):2313-0059 (Online)

پاش ڕستە لێلەکەدا هاتوون، ئینجا لە مەبەست و ناوەڕۆکی واتایی ڕستەکە تێدەگەین، کە بە دیاریکراوی مەبەستی چی بووە، بەڵام ئەگەر ئاخێوەر هەر لەسەرەتای ڕستەکەدا، بەم شێوەیە ڕستەکەی بدرکاندبا:

- منیش نەخۆشی دڵم هەیە.

بە زیادکردنی پەیڤی (نەخۆشی) گوێگر لە ڕووی واتا و تێگەیشتنەوە هیچ ناڕوونی و تەمومژییەکی بۆ دروست نەبووە و نەگەڕاوەتەوە بۆ زانیارییە نووسراوەکانی پێش و پاش ڕستە نووسراوەکە، بەتەواوی دڵنیابۆتەوە، کە باسەکە بریتییە لە (نەخۆشی دڵ) نەك شتێکی تر، بەمەش گوێگر کەمتر ماندوو دەبێت و لە ڕووی ئابوورییەوەش کات و وزەی کەمتر بەفیڕۆ دەڕوات.

(١١) – چوار دەفتەرم دەوێت.

أ- چوار دەفتەر(تێنووس)م دەوێت.

ب- چوار دەفتەر (دۆڵار)م دەوێت.

لەم رستەیەی سەرەوەدا، بە هۆی وشەی (دەفتەر) لێلواتایی لەناو ڕستەکەدا دروست بووە، بۆ ئەوەی لێلواتایی ئەم ڕستەیە بڕەوێنینەوە، پێویستە ئاخێوەر دیارخەرێك بۆ گوتنەکەی زیاد بکات، کە بریتییە لە (دۆلار)، ئەگەر ئەم گوتنە مامۆستایەك دەریببڕێت هیچ گومان و لێلواتاییەکی تێدا بەدی ناکرێت، کە مەبەست لێی (تێنووس) یاخود دەفتەری نووسینە، واتە ناوەێنانی دەفتەر و کتێب و قەڵەم... هتد، لە لایەنی مامۆستا و فێرخوازەکانەوە شتێکی لێل و نامۆ نییە و بەخێرایی لە مەبەستەکەی تێدەگەن، چونکە پەیوەندی مامۆستا و ئەم کەلوپەلانە بریتییە لە پەیوەندی بەیەکەوەهاتن، بەڵام ئەگەر ئەم ڕستەیەی سەرەوە بازرگانێك یاخود نووسینگەیەکی دراو دەریببڕێت جیاوازە، چونکە مامەڵەی بازرگان و نووسینگەکان زیاتر بە دەفتەر دۆلارە، خودی واتای وشەی (دەفتەر دۆلار)یش لە وشەی (دەفتەر)ی نووسینەوە وەرگیراوە بە ڕێگای فراوانبوونی واتا، کە شێوەیەکە لە شێوەکانی گۆڕانی واتاکە، کەواتە زیادکردنی (دیارخەر)ێك یان چەند (دیارخەر)ێك بۆ (دیارخراو)ێکی لێلواتا لە چوارچێوەی ڕستەیەکدا لێلواتایی و تەمومژی ڕستەکە دەڕەوێنێتەوە.

هەندێك جار بەشێك لە ڕستە و تێکستەکان بۆ هەمیشە بە لێلی دەمێننەوە، واتە هەموو کاتێك لێکدانەوەی جیاواز هەڵدەگرن، بۆ نموونە تێکستە شیعرییەکان زیاتر ئەم لێلواتاییەی تێدا بەدی دەکرێت، کە لەلایەن زمانەوان و وێژەناس و خوێنەرانەوە

لێکدانەوەی جۆراوجۆری بۆ دەکرێت، بە تایبەتی تێکستە شیعرییە کلاسیکەکانی شاعیرانی کوردی، کە زۆرجار دەبینین دێرە شیعرێکی شاعیر زیاتر لە لێکدانەوەیەکی بۆ کراوە، بەڵام ناتوانین بڵێن ئەو لیکدانەوەیە کۆتایی بە لێلواتایی تێکستەکە هێناوە، هەروەها ناشکرێت بڵێین ئەم لێکدانەوە جیاوازانە ڕاستی لەخۆ دەگرن یان نا، چونکە ئەم جۆرە لێکدانەوانە بۆچوونی تاکە کەسین، واتە لێلواتایی ئەم جۆرە تێکستانە تەنیا خودی شاعیر خۆی دەتوانێت کۆتایی پێبهێنێت، ئەگەر لە ژیاندا مابێت.

**٢-٢. ڕستە و پێکهاتەکانی:**

ڕستە لە ڕووی فۆرمەوە بە گەورەترین دانەی زمانی هەژمار دەکرێت و (بە پێی سیستەمێکی ڕێزمانی تایبەت و لە شێوەی دەنگی بیستراو دەردەبڕدرێت و واتایەکی دیاریکراوی هەیە) (دزەیی، ٢٠١٥: ٥١)، یاخود ڕستە زنجیرەیەکی نموونەییە لە وشە، چونکە خودی ڕستە بریتییە لە کۆکردنەوەی کەرستە سەرەکی و و لاوەکییەکانی زمانەکە، سادەترین ڕستەی زمانی کوردیش بریتییە لە (فریزێکی ناوی + فریزێکی کاری)، لە ڕووی زمانەوانییەوە ڕستە بەیەکەیەکی تەواو هەژمار دەکرێت و خودی ڕستەش (لە ڕێگای گوتنەوە جێبەجێ دەکرێت، واتە گوتن ڕستە لە ئەبستراکتەوە دەگوازێتەوە بۆ جێبەجێکردن، لە زمانی کوردیدا) (دزەیی، ٢٠١٥: ٥٢)، لە زمانی کوردیدا هەر گوتنێك بەرامبەر بە ڕستەیەك دەوەستیت، بەڵام ڕستەیەك بەرامبەر بە چەندین گوتن دەوەستێت، چونکە کات و شوین و دەوروبەری ئاخێوەر و گوێگر ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە گەیاندنی مەبەستی ڕستەی دركێنراودا، هەروەها (ڕستەکە کورت بێت یان درێژ لەسەر دوو بنچینە دادەمەزرێ "بکەر" و "کار"، هەرچی لەوانە بەدەر بێ، پێی ئەبێژری "سەربار") (ئەمین، ٢٠١٣: ٤٧)، بەڵام لە نێوان ئەو پێکهاتە سەرەکی و بنجییانەشدا، کۆمەڵێك کەرستەی تر بەدی دەکرێت، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینن لە ڕوونکردنەوەی لێلواتای ڕستەکان، لە خوارەوە ئاماژە بە کەرستە سەرەکی و لاوەکییەکانی ناو ڕستەکانی زمانی کوردی دەکەین:

**٢-٢-١. بکەر (Subject) :**

یەکێکە لە کەرستە سەرەکییەکانی ناو ڕستە، کە ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت لە تەواوکردنی واتای ڕستە، لە ڕووی ڕێزمانییەوە بکەر بەو کەسە دەگوترێت، کە کارێکی ئەنجامداوە لە ڕابردوو یاخود ئەرکی ئەنجامدانی کاری دەکەوێتە سەر لە ڕانەبردووی بەردەوام و داهاتوودا، جا کارەکە تێپەر یان تێنەپەر بیت، بۆ نموونە:

(١٢) أ- <u>میر</u> نانی خوارد.　　　　ڕابردووی تێپەر

ب- میر نان دەخوات. ڕانەبردوو تێپەڕ

ج- میر ڕۆیشت. ڕابردووی تێنەپەڕ

د- میر دێت. ڕانەبردووی تێنەپەڕ

لەم ڕستانەی سەرەوەدا، لە هەردوو دەمی ڕابردوو و ڕانەبردوودا، ناوی "میر" بۆتە "بکەر"ی ڕستەکە و ئەرکی ئەنجامدانی کارەکەی پێ سپێردراوە و هیچ لێڵواتاییەك لە ڕستەکەدا نابینرێت.

**٢-٢-٢. کار:**

بریتییە لە یەکێك لە بنچینە سەرەکییەکانی بنیادی ڕستەکانی زمانی کوردی، واتە لە زمانی کوردیدا ڕستە بەبێ بوونی کار نابێت، چونکە نەبوونی کاری ڕستە، لێڵواتایی لە ناو ڕستەکەدا دروست دەکات و لە ڕووی ڕێزمانیشەوە بە ڕستەیەکی ناتەواو هەژمار دەکرێت، هەروەها (پێمان دەڵێت "بکەر" چی کردووە) (ئەمین، ٢٠١٣: ٤٩) یاخود چ کارێك دەکات، بۆ نموونە:

(١٣) أ- میر نانی خوارد. ڕابردووی تێپەڕ

ب- میر نان دەخوات. ڕانەبردوو تێپەڕ

لە هەریەك لەم دوو ڕستەیەی سەرەوەدا، کار بوونی هەیە و هیچ جۆرە لێڵواتاییەك لە ڕستەکەدا دروست نەبووە، چونکە پێویستییە سەرەکییەکانی ڕستە بوونیان هەیە و واتای ڕستەکەی ڕوونکردۆتەوە.

**٢-٢-٣. نیهاد:**

بەیەکێك لە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی ڕستەی زمانی کوردی دادەنرێت، بەمەرجێك کاری ناو ڕستەکە لە بری کارێکی تەواو بریتی بێت لە کارێکی بێ هێز یاخود ناتەواو، کە بریتین لە (ە، بوو، دەبێت)، بەشی نیهاد دەکەوێتە سەرەتای ڕستەکە و لەلایەن بەشی گوزارەوە وەسف دەکرێت، بێ ئەوەی هیچ جۆرە لێڵواتاییەك لە ڕستەکەدا بەدی بکرێت، بۆ نموونە:

(١٤) - قەڵای هەولێر دێرینە.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، بەشی نیهاد بریتییە لە (قەڵای هەولێر)، هەروەها بەشی گوزارەکەی بریتییە لە (دێرن)، کاری ڕستەکەش بریتییە لە کاری بێ هێزی (ە) بۆ کاتی ئێستا.

**٢-٢-٤. گوزارە:**

بريتییە لە کەرستەیەکی سەرەکی ڕستە، لە ڕووی ڕێزمانییەوە بەشی گوزارە زۆر جار وەسفی نیهاد دەکات و ئەرکی تەواوکەری ڕاستەوخۆی کاری ناتەواو یان تەواوکەری بەیاریدەی کاری ناتەواو دەبینێت، لادان یان نەبوونی لە ڕستەکە لێڵواتایی دێنێتەکایەوە، بۆ نموونە:

(١٥) أ- میر زیرەکە.

ب- کتێبەکە بۆ میر بوو.

لە هەریەك لە ڕستەکانی (أ) و (ب)دا، دەبینین بەشی گوزارە وەکو کەرستەی بنجی و سەرەکی دەرکەوتووە، لادان و نەدرکاندنی دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕستەیەك یاخود گوتنێکی لێڵواتایی.

جگە لە کەرستە بنجی و سەرەکییەکانی ڕستە، کە مەرجە بوونیان هەبێت و ڕستە بەبێ ئەم کەرستانە دروست نابێت، کۆمەڵێك کەرستەی ترمان هەیە لە زمانی کوردی پێیان دەگوترێت سەربار و تەواوکارەکان، ئەو کەرستانە بریتین لە کەرستەی بە ئارەزوو، واتە دەتوانین لە ڕستەکەدا لایانبدەین بێ ئەوەی واتای ڕستەکە لە ڕووی ڕێزمانییەوە تێك بچێت، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە بوونیان لە ڕستە گرنگ و پێویستە، چونکە کەرستە لاوەکییەکان لە ڕووی واتاییەوە ئەرکیان زیاتر بریتییە لە ڕوونکردنەوەی واتای ڕستەکە و نەهێشتنی لێڵواتایی ڕستەکە، هەر یەك لەو وشانەی ڕۆڵی سەربار و تەواوکار دەبینین (لە ڕستەدا نە "بکەر"ە نە "کار"ە، بەڵام تەواوکەری لایەکی ڕستەکەیە، واتە: یا تەواوکەری بکەرە، یا تەواوکەری کارە.) (ئەمین، ٢٠١٣: ٥٣)، بۆ نموونە:

(١٦) - میری کوڕم بە ئۆتۆمبێل دەچێت بۆ سلێمانی.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، هەردوو بنچینەی ڕستەکە بریتییە لە (میر، دەچێت)، کە بنچینەی ڕستەکەی لەسەر دامەزرێنراوە، کە بریتین لە (بکەر) و (کار)ی ڕستەکە، هەروەها ئامرازی دانەپاڵ و دیارخەری (+ی کوڕم) بریتییە لە تەواوکاری بکەرەکە، کە (میر)ە، هەریەك لە تەواوکاری (بە ئۆتۆمبێل) و (بۆ سلێمانی) بریتین لە تەواوکارەکانی (کار)ی ڕستەکە، کە بریتییە لە (دەچێت)، ئەمانە ئەرکی تەواوکارەکان لەڕووی ڕێزمانییەوە، بەڵام ئەگەر سەیری ئەرك و گرنگی هەریەك لەو تەواوکارانە بکەین، کە ڕستەکەی پێ فراوان کراوە، دەبینین هەریەکەیان بۆشاییەکی زانیاری پڕدەکاتەوە، واتە هەریەکەیان وەڵامی پرسیارێکە، کە ڕەنگە بۆ کەسی گوێگر دروست ببێت، چونکە سروشتی کەسی گوێگر ئاوایە، هەر کات ئاخێوەر ڕستەیەکی درکاند، گوێگر حەز دەکات وردەکاری زیاتر بزانێت، ئەمەش

ڕهنگه له ڕێگای كردهی پرسیاركردن و بهدواداچووندا وهڵامهكهی دهست بكهوێت، بۆ نموونه ئهگهر قسهكهر ئهم ڕستهیه بدركێنیت:

– میر دهڕوات.

لێرهدا كهسی گوێگر ههوڵدهدات وردهكاری زیاتر لهسهر ڕسته دركێنراوهكه بهدهست بهێنێت، چونكه ڕستهكه زانیاری وردی تێدا نییه، واته بۆ گوێگر ڕستهكه لێڵه، بۆیه ههوڵدهدات له ڕێگای كردهی پرسیاركردنهوه، بهم شێوهیهی خوارهوه ئهو زانیارییانه بهدهستبهێنێت، كه لێڵواتاییان له هۆشی گوێگردا دروست كردووه:

پرسیار/ گوێگر: میر بۆ كوێ دهڕوات؟

وهڵام/ ئاخێوهر: بۆ سلێمانی. (تهواوكار)

پرسیار/ به چی دهچێت بۆ سلێمانی؟

وهڵام/ به ئۆتۆمبێل. (تهواوكار)

بهم شێوهیه، گوێگر له ڕێگای كردهی پرسیاركردنهوه توانی ئهو زانیارییانه بهدهست بهێنێت، كه بووبوونه هۆی لێڵواتای ڕستهكه، واته به زیادكردنی سهربارهكان، كه مهبستمان لێی كهرسته لاوهكییهكانی ڕستهكهیه و لێڵواتایی ڕسته نامێنێت، بۆیه لهڕووی واتاوه كهرسته لاوهكییهكانی ڕسته له پاڵ كهرسته سهرهكییهكانی ڕسته ڕۆڵی سهرهكی دهبینن و بوون و دهركهوتنیان بۆ نههێشتنی تهمومژی ڕستهكانی زمان گرنگ و پێویسته.

(١٧) – ترێیهكانم كڕی.

ئهم ڕستهیهی سهرهوه پێكهاتووه له كهرسته سهرهكییهكانی ڕسته، كه بریتین له "بكهر" و "كار"، كه بریتین له"م" و "كڕی"، ههروهها كهرستهیهكی تریش هاتووه به ناوی "ترێیهكان"، كه ڕۆڵی "بهركار"ی بینیوه، بهلام بهركاریش به كهرستهیهكی سهرهكی ههژمار دهكرێت، له ڕووی ڕیزمانییهوه ڕستهكه پێویستییهكانی تێدایه و هیچ كێشهیهكی تێدا نییه، بهڵام ئهگهر به وردی سهرنج بدهینه ناوهڕۆكی ڕستهكه له ڕووی واتاییهوه به تهواو ههژمار ناكرێت، چونكه كاتێك ئاخێوهر ڕستهیهكی لهم جۆره دهدركێنێت، گوێگر كۆمهڵێك پرسیاری تری له مێشكیدا دروست دهبێت و ههوڵ دهدات به شێوهی پرسیار ئهو بۆشاییه زانیارییانه پڕ بكاتهوه، كه زانیارییهكان دواتر له ناو ڕستهكان ڕۆڵی كهرستهی لاوهكی واته تهواوكار دهبینن و دهتوانرێت لابدرێت و كهرستهی به ئارهزوون، بهڵام بوونی ئهم كهرسته لاوهكییانه له ڕستهدا گرنگ و پێویستن، بۆ ئهوهی لێڵواتایی ڕستهكه كۆتایی پێ بهێنرێت و گوێگر ههست به هیچ تهمومژییهكی واتایی نهكات.



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٣

فراوانکردنـی ڕسـتە لـە ڕێگـای تـەواوکارەکان گرنگـی تایبـەت بـەخۆیـان هەیـە، کـە ئـەرکی سەرەکیان بریتییە لە نەهێشتنی لێڵواتایی ڕستەکە، کەوات ڕستەکەی سەرەوە دەتوانین فراوان بکەین بە کۆمەڵێك کەرستەی لاوەکی، بەم شێوەیەی خوارەوە:

– تری ڕەش و سپییەکانی ناو سەبەتە گەورەکەم بەخێرایی و زۆر بە هەرزان کڕی.

لەم ڕستەیەی سەرەوەدا، لە پاڵ کەرستەی بنجی ڕستەکە، کە "بکەر و کار"ە، کۆمەڵێك کەرستەی تر هاتوون لە شێوەی بەرکار و هاوەڵناو و هاوەڵکار و تەواوکەری بەیاریدە و ڕستەکەیان فراوانتر کردووە، کاتێکیش ڕستە فراوان دەکرێت، لێڵواتایی ڕستەکە کۆتایی دێت و گوێگر بە ئاسانی لە مەبەست و دەربڕینەکانی ئاخێوەر تێدەگات.

دەرکـەوتنی تـەواوکارەکان لـەپاڵ کەرسـتە بنجییـەکانی ڕسـتەکە لـە ڕووی ڕێزمانییـەوە بـە کەرستەی بە ئارەزوو هەژمار دەکرێن و دەتوانرێت لە ڕستەدا لابدرێن، بەڵام لە ڕووی واتاییـەوە ئـەم تەواوکارانـە بـوون و دەرکـەوتنیان گرنگـە بـۆ ڕوونکردنـەوەی واتـای تـەواو و مەبەست، چونکە سەربارەکان دەرخەری کۆمەڵێك زانیاریین و بـۆ گوێگر گرنگن، واتە بۆ نـەهێشـتنی لێڵواتـای ڕسـتەکانی زمـانی کـوردی هـەموو کـات پێویستمان بـە فراوانکردنـی ڕستەکە دەبێت، ئەمەش لە پێناوی نەهێشتنی لێڵواتایی.

**۲–۳. فراوانکردنی پێکهاتەی ڕستە:**

ڕسـتەکانی زمـان پێکهـاتوون لـە کۆمـەڵێك کەرستەی بەخورتی، کـە بـەهیچ شێوەیەك ناتوانرێت لە ڕستەدا لابدرێن، چونکە لادانیان دەبێتە هۆی دروستبوونی ڕستەیەکی ناتەواو لە ڕووی ڕێزمان و واتاوە، بەڵام لە پاڵ ئەم کەرستە بە خورتیانەشدا کۆمەڵێك کەرستەی تر هەن، کـە ڕستەکەی پێ فراوان دەکرێت و پێیان دەگوترێت کەرستە بـە ئارەزووەکـان، کەواتە (ڕستە لە کۆمەڵێك کەرسەی دیاریکراو پێکدێت، کە بە گوێرەی چەند یاسایەك داڕێژراون، ئـەو کەرسـە دیاریکراوانـە، هەندێکیـان سـەرەکین و هەنـدێکیـان ناسـەرەکین) (خۆشناو، ۲۰۰۸: ۲۲).

فراوانکردنی پێکهاتەی ڕستە، بریتییە لە هاتنە ناوەوەی هەندێك کەرستەی بە ئارەزوو، کە لـە ڕووی واتاییـەوە پێویسـتن، کـردەی فراوانکـردنیش لـە پێنـاوی نـەهێشـتنی لێڵواتـایی ڕستەکە جێبەجێ دەکرێت، ئەو تەواوکارانەی، کە ڕستەکەی پێ فراوان دەکرێت مەبەست لەو (کەرستانەیە، کە لە ڕستەدا دەبنە پێویستییەکی هەمیشـەیی کارەکە و نـاتوانری وازیان لێ بهێنرێ، واتە لابردیان دەبێتە هۆی ناڕێزمانی بوونی ڕستەکە، یان ناوەڕۆکی واتایی

كار و ڕستەکە دەگۆڕێت) (فەرهادی، ٢٠١٣: ٢٩)، لە خوارەوە چەند نموونەیەکی فراوانکردنی پێکهاتەی ڕستە دەخەینەڕوو، بۆ نموونە:

(١٨) -ئەمڕۆ قوتابییە لاواز و بێ توانا و هەژارەکان ژمارەیەکی کەم هاتبوون بۆ قوتابخانە.

ئەم ڕستەیەی سەرەوە پێکهاتووە لە کەرستەی سەرەکی و کەرستەی ناسەرەکی، سەرەکییەکانی ڕستەکە بریتین لە (قوتابی / بکەر) و (هاتن / کار)، کە دوو کەرستەی بنجی و بە خورتین ناکرێت لە ڕستەدا لابدرێن، بەڵام هەموو پێکهاتەکانی تری ناو ڕستەکە بە کەرستەی ناسەرەکی و بە ئارەزوو دادەنرین، کە ئەرکیان فراوانکردنی واتای تەواوی ڕستەکەیە، کە ڕۆڵێکی یەکلاییکەرەوە دەبینین لە گەیاندنی واتای مەبەستدار، واتە هۆکارێکی گرنگن بۆ نەمانی لێڵواتایی ڕستەکە، بۆ نموونە، کاتێک کە دەڵێین:

(١٩) – من ئازادم.

لە ڕێگای فراوانکردنەوە دەتوانین مەبەستی ئەم ڕستەیەی سەرەوە ڕوونتر بکەینەوە، کە ئایا مەبەستی ئەوەیە ناوی "ئازاد"ە، یاخود پێمان دەڵێت من "ئازاد"م، کە چی دەکەم و چۆن بڕیار دەدەم، کەواتە پێویست دەکات لە پاڵ پێکهاتە سەرەکییەکانی ناو ڕستەکە، کۆمەڵێك کەرستەی ناسەرەکی زیاد بکریت بە مەبەستی نەمانی لێڵواتایی ڕستەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ-من ئازادی کوڕی مامۆستا شیرزادم، چۆن نامناسی؟

ب-من خۆم ئازادم لە بڕیاردان.

دوای فراوانکردن و لێکدانەوەی ڕستەکە، دەبینین هیچ جۆرە لێڵواتاییەك نابینرێت، چونکە ڕستەکە لە پاڵ پێکهاتە سەرەکییەکانیدا کۆمەڵێك کەرستەی ناسەرەکی هاتوون و ئەرکی فراوانکردنی پێکهاتەی ڕستەکەیان گرتۆتە ئەستۆ، بەم شێوەیە ڕستەکەیان لە کردەی لێڵواتای دوورخستۆتەوە و وەکو ڕستەیەکی ڕوون واتا دەبینرێت.

**٢-٤. ئەرکی فراوانکردن لە ڕستەدا:**

پرۆسەی فراوانکردنی ڕستە بە مەبەستەوە دەکرێت، کە بریتییە لە ئەرکی ڕوونکردنەوەی لێڵواتایی ئەو ڕستە و دەربڕینانەی، کە کەسی ئاخێوەر دەری دەبڕێت، بەڵام وەرگر بە شێوەیەکی ڕوون لە واتا و مەبەستی ڕستەکە ناگات، بۆیە پێویستی بە ڕوونکردنەوە دەبێت، واتە پێویستی بە فراوانکردن دەبێت، چونکە فراوانکردنی ڕستەکانی زمان دەبێتە هۆی نەهێشتنی لێڵواتایی دەربڕینە جیاوازەکانی ناو زمانەکە، و واتای سیمانتیکیش ڕستەکانی زمان (لە ڕێگای پێکهاتەی سینتاکسی و واتای ئەو کەرسانەوە

دەستنیشان دەکرێت، کە ڕستە پێکدەهێنن) (لاینز، ١٩٨٣: ٢٤)، گرنگی سیمانتیك لێرەدا بریتییە لە دەرخستنی پەیوەندی نێوان پێکهاتە سەرکی و ناسەرەکییەکانی ناو ڕستەکە، کە (لەڕووی پێکهاتەی سینتاکسی و واتای سیمانتیکییەوە ڕاست و دروستن) (عەلی، ٢٠١٤: ١٥٧)، کەواتە فراوانکردن تەنیا لە ڕێگای کەرستە لاوەکییەکانەوە جێبەجێ دەکرێت و هەر ئەوانیش دەتوانن تەمومژی و لێڵواتایی ناو ڕستەکە کۆتایی پێبهێنن، بەمەبەستی دەرخستنی ئەرکی فراوانکردن لە ڕستەدا، لە خوارەوە چەند نموونەیەکی ڕستەی فراوانکراو دەخەینەڕوو، بۆ نموونە:

(٢٠) – نیشتیمان بۆ من جێگای بایەخە.

لەم ڕستەیەی ژمارە (٢٠)دا، لە ڕووی ڕێزمانەوە ڕستەیەکی تەواو و ئاساییە، بەڵام لە ڕووی واتاییەوە بریتییە لە ڕستەیەکی لێڵواتایی تەواو، واتە بیستنی ڕستەیەکی لەم جۆرە یاخود خوێندنەوەی ئەم شێوازەی ڕستە گوێگر و خوێنەر بە تەواوی لە مەبەستی ڕستەکە تێناگەن، چونکە ڕستەکە زیاتر لە واتایەك هەڵدەگرێت و نازانرێت مەبەست لە وشەی (نیشتیمان) ئایا کەسێکە بە ناوی نیشتیمان یاخود مەبەستی شوێنێکە، لێرەدا پێویستە ڕستەکە فراوان بکرێت بەمەبەستی نەهێشتنی لێڵواتایی ڕستەکە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

أ– نیشتیمانی کچم بۆ من جێگای بایەخە.

ب– نیشتیمان بۆ من جێگایەکی پیرۆز و پڕ بایەخە.

لە ڕستەی ژمارە (٢٠)دا، وشەی "نیشتیمان" لێڵواتاییەکەی دروست کردووە، لە ڕستەی خاڵی (أ)دا، دوای ئەوەی تەنیا یەك دیارخەرمان بۆ ڕستەکە زیادکرد، دەبینین لێڵواتایی ڕستەکەی گۆڕی بۆ ڕوون واتایی و زانرا مەبەست لە وشەی (نیشتیمان) ناوی کچێکە، واتە هەر کات گوێگر ئەم جۆرە ڕستەیەی بەر گوێ بکەوێت تووشی گرفتی تێگەیشتن نابێتەوە و تووشی ماندووبوون و بە فیڕۆدان وزە ناکات، لە ڕستەی خاڵی (ب)یشدا بە هەمان شێوە، دوای ئەوەی ڕستەکە بە هەندێك کەرستەی ناسەرەکی فراوانکرا، گوێگر هیچ زەحمەتییەك نابینێت بۆ لێکدانەوەی ڕستەکە، چونکە گوێگر کاتێك لە پاڵ وشەی "نیشتیمان" وشەی "جێگا"ی گوێ لێدەبێت ڕاستەوخۆ بیری بۆ لای "شوێن"ێك دەچێت نەك "ناو"ێك.

(٢١) – میر چەکەکەی بۆ من هێنا.

لە ڕستەی ژمارە (٢١)دا، وشەی "چەك" بۆتە هۆی دروستبوونی لێڵواتایی ڕستەکە، چونکە وشەکە دوو واتای هۆشەکی هەیە، یەکەمیان بە واتای "چەك و سیلاح" دێت، دووەمیان

به "واتای" چەكێكی بانك" دیت، بۆیە كاتێك گوێگر ئەم جۆرە ڕستەیەی بەر گوێ دەكەوێت ڕەنگە ڕاستەوخۆ تێی نەگات، چونكە لەڕووی واتاوە بە ڕستەیەكی لێلواتایی هەژمار دەكرێت، بۆیە پێویست دەكات ڕستەكە فراوان بكرێت، بۆ ئەوەی لێلواتاییەكەی بگۆڕدرێت بە ڕوون واتایی تەواو، بەم شێوەیە دەبینین ڕستەكە دوو لێكدانەوەی جیاوازی بۆ دەكرێت:

أ-میر چەكە بانكییەكەی بۆ من هێنا.

ب-میر چەكەكە و مەخزەنێك گولەی بۆ هێنام.

كەواتە فراوانكردنی ڕستەكانی زمان ئەركی سەرەكیان بریتییە لە ڕوونكردنەوەی واتا و مەبەستی ناوەڕۆكی ڕستە دەربڕاوەكە، واتە دەربڕینی ڕستەیەك دوور لە لێلواتایی، بەجۆرێك گوێگر، كە گوێبیستی ببێت تووشی هیچ گرفتێكی تێگەیشتنی نەكات و لێكدانەوەی جیاواز لەخۆ نەگرێت، بە پێچەوانەوە گوێگر تووشی ماندووبوون دەكات.

**٢-٥. نموونەی ڕستەی فراوانكراو بە هۆكاری لێلواتایی:**

لە هەموو زمانێكدا ژمارەیەكی زۆری ڕستە هەیە، كە لەڕووی واتەوە لێلن و گوێگر لە مەبەست و ناوەڕۆكی ڕستەكە بەتەواوی تێناگات، واتە لە بنەڕەتدا كۆمەڵێك كەرستەی تر لە سنووری ڕستەكەدا هەیە، بەڵام ئاخێوەر لەكاتی ئاخاوتندا زۆرجار دەریانناب‌ڕێت و ئاماژەی پێ ناكات لەبەر هۆكاری جیاواز جیاواز، بۆ نموونە ڕەچاوی پەیوەندی نێوان خۆی و گوێگر دەكات، كە بریتییە لە بوونی زانیاری هاوبەش و دەوروبەر و پاشخانی زانستی هاوبەش و تێگەیشتن لە مەبەستی یەكتر بە شێوازی ڕاستەوخۆ، بەڵام ئەگەر ئاخێوەر بەبێ ڕەچاوكردنی ئەم تایبەتمەندیانە قسەكانی بكات، بێگومان گوێگر تووشی تێنەگەیشتن دەبێتەوە و لە مەبەستی ئاخێوەرەكە تێناگات و ئەركێكی زۆری دەكەوێتە سەر، چونكە لێلواتاییەكی زۆر بەدی دەكرێت لە دەربڕین و گوزارشتەكان، لە زمانی كوردیشدا ژمارەیەكی زۆری ئەم جۆرە ڕستانەمان هەیە، كە لە خوارەوە هەوڵ دەدەین كۆمەڵێك نموونەی ڕستەی لێلواتای و فراوانكردنەكەی بخەینەڕوو، بۆ نموونە:

(٢٢) -بەداخەوە مرد.

أ- بە دڵێكی پڕ لە داخ و كەسەرەوە مرد.

ب- بەداخم بۆ مردنی ئەو.

لە ڕستەی ژمارە (٢٢)دا تا ڕادەیەك هێز دەتوانێت لێلواتایی ڕستەكە كۆتایی پێبهێنێت، ئەمە لە كردەی قسەكردندا، بەلام لە زمانی ئاخاوتن و نووسین باشترین ڕێگا



مجلة مركز بابل للدراسات الإنسانية ٢٠٢٥ المجلد ١٥/ العدد ٣

ئەوەیە، کە رستەکە فراوان بکرێت، بەمەبەستی گۆڕینی ڕستەیەکی لێلواتایی بۆ ڕستەیەکی روون واتایی، هەروەکو لە ڕستەکانی خالی (أ) و (ب)دا، کە دوای فراوانکردن هیچ جۆرە لێلواتاییەك بەدی ناکریت.

(٢٣) – تکایە هێمنی بپارێزن.

أ–تکایە هێمنی هۆلەکە بپارێزن.

ب–تکایە ئاگاتان لە هێمن بێت.

لە ڕستەی ژمارە (٢٣)دا، وشەی "هێمن" لیلواتاییەکەی دروست کردووە، بەلام لە ڕستەی خاڵی (أ) و (ب)دا، بەتەواوی مەبەستەکە ڕوونکراوەتەوە، کە لە رستەی (أ)دا وشە لێلەکە بۆ مەبەستی شوێن بەکارهاتووە، بەلام لە ڕستەی (ب)دا، وەکو ناوێك بەکارهاتووە، ئەمەش دوای ئەوەی ڕستەکە فراوانکرا بەهۆی هەندێك کەرستەی تر .

(٢٤) مەتاتێکم کڕیوە.

أ–گوڵێکی مەتاتم کڕیوە.

ب–بلوزێکی مەتاتم کڕێوە.

لە ڕستەی ژمارە (٢٤)دا، وشەی "مەتات" لیلواتایی دروستکردووە، چونکە لە فەرهەنگی زمانی کوردی دوو واتای جیاوازی هەیە. یەکەمیان ناوی جۆرە "گوڵ"ێکە، دووەمیشیان وەکو "هاوەڵناو"ێك بەکارهاتووە، کە مەبەست لێ ئەو شتانەیە کە سیفەتی لاستیکیان هەیە و دەکشێن، لە ڕستەکانی خاڵی (أ) و (ب)دا، دوای فراوانکردنی ڕستەکە، کۆتایی بە لێلواتایی ڕستەکە هاتووە، لە ڕستەی (أ) بە واتای "گوڵی مەتات"ی هاتووە، لە ڕستەی (ب)یشدا بەواتای بیجامەیەك یان بلوزێکی سیفەت لاستیکی هاتووە.

(٢٥) –سەیارمکەت چی بوو؟

أ–سەیارمکەت چ کێشەیەکی هەبوو؟

ب–سیارمکەت چ جۆرێك بوو؟

لە ڕستەی ژمارە (٢٥)دا، وشەی پرسی "چی" لیلواتایی دروستکردووە، لە ڕێگای فراوانکردنی پیکهاتەی ڕستەکە بۆمان ڕوون دەبیتەوە، کە مەبەست لە داواکاری پرسیارمکە چییە، هەروەکو لە ڕستەکانی خاڵی (أ) و (ب)دا، دوای فراوانکردنی ڕستەکە هەست بە ڕوون واتای تەواوی ڕستەکە دەکەن، واتە کۆتایی بە لێلواتایی ڕستەکە هاتووە.

(٢٦) هەڵیگرت؟

أ–ئەو کەڵ و پەلەکانی هەڵگرت؟

ب-ئەو تەلەفۆنەکەی هەڵگرت؟

لە ڕستەی ژمارە (٢٦)دا، تێبینی لێڵواتاییەکی تەواو دەکرێت، بەڵام لە ڕستەکانی خاڵی (أ) و (ب)دا، دوای فراوانکردنی ڕستەکە، کۆتایی بە لێڵواتایی ڕستەکە هاتووە، لە ڕستەی (أ) و (ب)دا، مەبەستی هەردوو ڕستەکە لەڕووی واتاییەوە ڕوونە.

(٢٧) کاتی نان خواردن هاتووە.

أ-ئێستا کاتی نان خواردنە.

ب-ئەو لە کاتی نانی نیوەڕۆدا گەیشتووە.

لە ڕستەی ژمارە (٢٧)دا، ڕێژەی کاری ڕابردووی تەواوی ڕاگەیاندنی "هاتووە" لیلواتایی دروست کردووە، لە ڕستەکانی خاڵی (أ) و (ب)دا، دوای فراوانکردنی ڕستەکە، کۆتایی بە لێڵواتایی ڕستەکە هاتووە.

(٢٨) -ڕقم لە خاڵەکانم دەبێتەوە.

أ-هیچ کەیفم بەخاڵە بیوەفا و ڕەزیلەکانم نایێ.

ب-ڕقم لە خاڵەکانی جەستەم دەبێتەوە.

لە ڕستەی ژمارە (٢٨) وشەی "خاڵ" لێڵواتاییەکەی دروست کردووە، چونکە لە فەرهەنگی زمانی کوردی دوو واتای جیاوازی هەیە. یەکەمیان بە وتای برای دایك دێت، دووەمیشیان بە واتای خاڵی سەر جەستە دێت، لە ڕستەکانی خاڵی (أ) و (ب)دا، دوای فراوانکردنی ڕستەکە، کۆتایی بە لێڵواتایی ڕستەکە هاتووە.

(٢٩) -مەیفرۆشە.

أ-ئەو پیشەی مەی فرۆشییە.

ب-ئەو کەلوپەلانە مەفرۆشە.

لە ڕستەی ژمارە (٢٩)دا، دەربڕینەکە خۆی بریتییە لە ڕستەیەکی لێڵواتا، لە ڕستەکانی خاڵی (أ) و (ب)دا، دوای فراوانکردنی ڕستەکە، کۆتایی بە لێڵواتایی ڕستەکە هاتووە، لە ڕستەی (أ) بە واتای ئەوە دێت، کە ئەو پیشە و کاری مەی فرۆشتنە، واتە ڕستەکە بریتییە لە ڕستەیەکی هەواڵ گەیاندن، بەڵام لە ڕستەی خاڵی (ب)دا، داوا لە کەسەکە دەکرێت کەل و پەلەکان نەفرۆشێت و شێوەی داخوازی وەرگرتووە.

(٣٠) -واز لە ڕابواردن بێنە.

أ-تکایە بەسە، بە من ڕامەبوێرە.

ب-تکایە واز لە خواردنەوە و زینا و ڕابوواردن بەێنە.

لە ڕستەی ژمارە (٣٠)، دەربڕینی (ڕامەبوێرە) کە لە ڕێژەی داخوازیدایە و لێڵواتاییەکەی دروست کردووە، لە ڕستەکانی خاڵی (أ) و (ب)دا، دوای فراوانکردنی ڕستەکە، کۆتایی بە لێڵواتایی ڕستەکە هاتووە، لە ڕستەی (أ) بە واتای "گاڵتەکردن" هاتووە، بەڵام لە ڕستەی خاڵی (ب)دا بەواتای وازەێنانی لە " خواردنەوە و زینا و ڕابواردنەوە" هاتووە.

(٣١) –هۆکاری ئەم ئاگرە تۆ بوویت.

أ–هۆکاری ئاگرکەوتنەوەی کۆگایەکە تۆ بوویت.

ب–هۆکاری ئەم کێشەیەی نێوانمان تۆ بوویت.

لە ڕستەی ژمارە (٣١)دا، وشەی "ئاگر" لێڵواتایی دروستکردووە، چونکە جارێك بۆ واتا بنەڕەتییەکەی خۆی بەکارهاتووە، هەروەکو لە ڕستەی خاڵی (أ)دا لە ڕێگای فراوانکردنەوە لێڵواتایی ڕستەکە نەماوە، بەلام وشەی "ئاگر" لە ڕستەی خالی (ب)دا بۆ مەبەستێکی تر بەکارهاتووە، واتە بۆ ناوی "کەسیکی فیتنەکار" خوازراوە، کە کەسەکە وەکو ئاگرە و سەر بە کێشەیە .

## ٢–٦. فراوانکردنی واتای ڕستە و یەکلاییکردنەوەی واتا:

فراوانکردنی ڕستەکانی زمان کارێکی لەخۆوە یاخود بەبێ مەبەست نین، ناکرێت لەخۆمانەوە لایانبدەین یاخود زیادیان بکەین، واتە فراوانکردنی کردەی واتای ڕستە لە پێناوی ساغکردنەوەی واتای تەواو و مەبەستی ڕستەکەیە، کەسی ئاخێوەر هەندێك جار ناچار دەبێت ڕستەکەی فراوان بکات ئەویش بە زیادکردنی هەندێك پێکهاتەی تر بۆ ڕستەکە، چونکە لەڕووی واتاییەوە دەرکەوتنی کەرستە بنجییەکانی ڕستە بەتەنیا هەندێك جار دەبنە هۆکاری لێڵواتایی ڕستەکانی زمان، بە هێنانە ناوەوەی کەرستە لاوەکییەکان و فراوانکردنی واتا ڕستەکە، واتای مەبەست ساخ دەکرێتەوە و کۆتایی بە لێڵواتایی ڕستەکە دەهێنرێت، کەواتە ساخکردنەوەی واتای ڕستە یاخود نەهیشتنی لێڵواتای ڕستەکانی زمان ڕاستەوخۆ لەلایەن کەرستە لاوەکییەکانەوە جێبەجێ دەکریت، بۆ نموونە:

(٣٢) – توشی بەرازێك بوومە.

أ–لە کەناری ڕووبارەکە تووشی بەرازێکی گەورە بوومە.

ب–تووشی کەسێکی کەلەڕەق و بیزارکەر بوومە.

لە ڕستەی ژمارە (٣٢)دا، ئەگەر سەیری ڕۆنانی سەرەوەی ڕستەکە بکەین، دەبینین واتای ئەوە دەدات، کە کەسەکە بۆ هەر مەبەستێك بێت سەردانی کەناری ڕووبارێکی کردووە، لەوێ تووشی بەرازێك بووە، کەواتە لە ئاستی سەرەوەدا ڕستەکە ڕوونە، کە تووشی جۆرێك

ئاژەڵ بووە هەروەکو لە ڕستەی خاڵی (أ)دا ڕوونکراوەتەوە، بەڵام ئەگەر لەڕووی واتاوە تەماشای ڕستەکە بکەین، دەبینین وشەی "بەراز" بۆ ئاژەڵ بەکارنەهاتووە، بەڵکو بۆ "مرۆڤێک " خوازراوە بە سوود وەرگرتن لە هەندێك سیفاتی وەکو کەلەڕەقی هەروەکو لە ڕستەی خاڵی (ب)، بەلام بۆ جەختکردنەوەی ئەم ڕاستییە دەبێت ڕستەکە فراوان بکرێت، واتە بەبێ فراوانکردن ڕستەکە هەر بە لێڵواتایی دەمێنێتەوە.

**ئەنجام:**

١- لێڵواتای ڕستەکانی زمان زیاتر بە مەبەستەوە بە لێڵی دەردەبڕدرێن، چونکە ئاخێوەر پێشبینی زانیاری هاوبەش دەکات لە نێوانی خۆی و گوێگردا، ڕستەکە دەردەبڕێت بەبێ ئەوەی پشت بە کەرستە نابنجییەکان ببەستێت بۆ ڕوونەکردنەوەی واتای مەبەست، واتە تەنیا لە ڕێگای کەرستە بنجییەکان دەربڕینەکەی دەگەیەنێت.

٢- ئابووریکردن لە زمان و بەفیڕۆنەدانی وزە لەلایەن ئاخێوەر کاریگەری ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر دروستبوونی لێڵواتایی دەربڕین و ڕستەکانی زمان و گوێگر تووشی گرفتی تێنەگەیشتن دەکاتەوە و ناچاری دەکات بگەڕێتەوە بۆ دەوروبەری ئاخاوتن.

٣- کردەی فراوانکردن کاتێک پێویست دەکات، کە دەربڕینەکانی ئاخێوەر یان نووسەر گوێگر و خوێنەر تووشی گرفتی تێنەگەیشتن بکەنەوە، بۆیە پێویست دەکات ئاخێوەر یاخود نووسەر ڕستەکەی فراوانتر بکات بۆ ئەوەی ئەرکی گوێگر و خوێنەر کەمتر بکرێتەوە، هەروەها کردەی فراوانکردن زیاتر لە زمانی نووسیندا پێویست دەبێت و بە بەراورد بە زمانی ئاخاوتن، چونکە لەکاتی ئاخاوتندا هێز و ئاوازە ز دەوروبەر و کات و شوێن و باری ڕۆشنبیری کەسە دیارە و گوێگر کەمتر تووشی دەربڕینێکی لێڵواتایی دەبێتەوە، بەڵام لە زمانی نووسیندا بە پێچەوانەوەیە و بەگشتیش چوارچێوەی ئاخاوتنەکە دیاریکردنی ئاسان نییە و ماندووبوونی زۆری پێویستە.

٤- هەریەک لە کەرستە لاوەکی و نابنجییەکانی زمان شانبەشانی کەرستە سەرەکییەکانی زمان ڕۆڵێکی گرنگ و کارا دەبینین لە گۆڕینی دەربڕینێکی لێڵواتا بۆ دەربڕینێکی ڕوون واتای تەواو، چونکە ئەرکیان بریتییە لە خستنەڕووی زانیارییە نەزانراو و شاراوەکان.

٥- فراوانکردنی ڕستە ئەرکە، کاتێک گوێگر هەست بە لێڵواتایی دەربڕین و ڕستەکانی ئاخێوەر دەکات، لێرەدا کەسی ئاخێوەر پێویست دەکات دەربڕینەکەی فراوان بکات بەتایبەتی لە ڕێگای کەرستە لاوەکییەکانی زمان.

## ليستى سەرچاوەكان:

### كوردى:

١- تاڵیب حوسێن عەلی. (٢٠١٤). زانستی زمان و زمانی کوردی. هەولێر، چاپخانەی ڕۆژهەڵات.
١٠- محەمەد مەحوی (٢٠٠٩)، واتا و واتای لێکدانەوە، سلێمانی: چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.
١١- نووری عەلی ئەمین (٢٠١٣)، ڕێزمانی کوردی، چاپی سێیەم، هەولێر: چاپخانەی شەهاب.
١٢- همزه حسین حمه (٢٠١١)، تەمومژی لە زمانی کوردیدا، زانکۆی کۆیە.
١٣- وریا عمرامین (١٩٩٥)، لێلی لە زماند، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ. ٣٦، بەغدا.
١٤- ئەرستۆ (٢٠٠٤)، هونەری شیعر، (وەرگێر: عەزیز گەردی)، سلێمانی: چاپخانەی ڕەنج.
١٥- ئیبراهیم ئەحمەد شوان (١٩٩٩). {قادر} لە ڕوانگەی شیعرەکانی مستەفا بەگی کوردییەوە. گۆڤاری کاروان، ژ. ١٣٦.
١٦- پەروین عوسمان مستەفا عەللاف (٢٠٠٩)، واتا و وەرگێران، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات
٢- خەسرۆ ئەحمەد خۆشناو. (٢٠٠٨). بەرکار لە زمانی کوردیدا. هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.
٣- دارا محەمەد حەمید. (٢٠٠٦). پێوەندییە واتاییەکان لە زمانی کوردیدا، بغدا.
٤- ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی. (٢٠١٣)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی زمانی کوردی، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.
٥- عبدالواحید مشیر دزەیی (٢٠١٥)، پراگماتیك و ڕەوانبێژی، هەولێر: ناوەندی ئاوێر.
٦- عبدالواحید مشیر دزەیی، (٢٠١٥)، زانستی سیمانتیك، هەولێر: ناوەندی ئاوێر.
٧- عەبدولواحید موشیر دزەیی (٢٠١٤)، واتاسازی وشە و ڕستە، هەولێر: ناوەندی ئاوێر.
٨- محمد نوری عارف (١٩٨١)، تێکستی ئەدەبی کوردی {هۆنراوە}، چاپی یەکەم، سلێمانی.
٩- محەمەد معروف فەتاح و سەباح ڕەشید قادر (٢٠٠٦)، چەند لایەنێکی مۆرفۆلۆجی کوردی، هەولێر: چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.

### -عەرەبی:

١٧- جون لاينز. (١٩٨٣). اللغـة والمعنـى و السياق. (د.عباس صادق الوهاب، المترجمون) بغداد: دار الشؤون الثقافيه العامة.
١٨- داود عبدة (١٩٨٤)، درسات ف علم اللغة النفسي، كويت: جامعة الكويت.
١٩- ستيفن اولمان (١٩٧٥)، دور كليمة في اللغة، ط١. (د.كمال محمد البشير، المترجمون) مصر: منشورات مكتبة الشباب.
٢٠- كلود جرمان و ريمون لوبلون (١٩٩٧)، علم الدلالة، ط١، (نور الهدى لوشن، المترجمون) ، ليبيا: منشوران جامعه قار يونس.
٢١- حلمي خليل (١٩٨٨)، العربية والغموضة، مصر: المعرفية الجامعية للنشر.
٢٢- يعرب محمود حميدي. (٢٠٠٩)، *Some cases of Ambiguity in Englsih*، مجلة ديالي، العدد ٣٨، ديالى.

### -ئینگلیزی:

1.G Hudson(2000), *Essentoal Introduction Linguistics,* london: Blackwell Publishers.
2.Hartman&Stork(1976), *A dictionary of Language and Linguistics*, London: Galliard.
3. Yasir Salah(2017), Semantic ambiguity In Enflish Language, Samarah
4. Trask .K (1993), A dictionary of Grammatical Terms in Linguistics, London.
5. DAVID CRYSTAL (1991), A Dictionary of linguistics and Phonerics, Camredge.
*6.* Hudson.G (2000), *Essentoal Introduction Linguistics, London: Blackwell Publishers*